# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی گشتی
# فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراق /سوید

لەدوای کۆمەڵێک کاروچالاکی جەماوەری و ڕێکخراوەیی دوابەدای کۆنگرەی یەکەمی فیدراسیۆن لە وڵاتی سوید کە لەلایەن ئەندامان و هەڵسوراوانی فیدراسیۆن بەگڕوتینێکی چالاکانەوە ئەنجام درابوو ،زەمینەی ئەوەی رەخساند کە کۆبونەوەیەکی گشتی سازبکەین .

ڕۆژی شەممە بەرواری 2007/11/17 لەکاتژمیری 1ی پاش نیوەڕۆ بە ئامادەبوونی ئەندامان و هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن لە شاری ستۆکهۆڵم کۆبوونەوەکەمان دەستی پێکرد.

سەرەتا هاوڕێ( بابان عوسمان) لێپرسراوی یەکەی فیدراسیۆن لە سوید بەخێرهاتنی ئامادەبوان و بەخێر هاتنی نوێنەری سکرتاریەتی فیدراسیۆن بۆ بەشدار بونیان لەکۆبوونەوەکەدا کرد. بەدوای ئەوەدا وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد سەبارەت بە گرنگی سازدانی کۆبونەوەکەو زەرورەتەکانی.

پاشان هاوڕێ(عومەر ئەمین) کەبەنوێنەرایەتی سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری ئامادەی کۆبوونەوەکەبوو بەخێرهاتنی ئامادەبوان و دەست خۆشی لە ئەندامان و هەڵسوراوانی فیدراسیۆن لە سوید کرد بۆ سازدانی ئەو کۆبوونەوەیە و دەست خۆشی و ماندونەبوونی هاوڕێ (دەشتی جەمال)سکرتێری فیدراسیۆنی گەیاند بە ئامادەبوان .

پاشان( عومەرئەمین ) باسێکی پشکەش کرد سەبارەت بە کارو چالاکیەکانی سکرتاریەتی فیدراسیۆن بەدوای کۆنگرەو ئەو ئەولاویەت و کارانەی کە لەدەستوری خۆیدا دایناوەو سەرقاڵی بە ئەنجام گەیاندنیەتی کە خۆشحاڵانە جەندین بەرەوپێش چون لە کارەکان ئەنجام دراوە .

هەروەها زەرورەتی پتەو کردن و بەهێز کردنی فیدراسیۆن وەک ڕێکخراوێکی خۆشەویست و چالاک بۆ دیفاع لە ماف و ژیانی پەنابەران باس لێوەکردو دروست کردن و سازدانەوەی یەکەکانی فیدراسیۆن لەسەرجەم وڵاتان و بەدەستەوە گرتنی شێوازی تازەو گونجاو و کارا لە شێوازی ڕێکخراوەیی وڕێکخستن کە بتوانێ وەڵام دەرەوەی هەڵسوڕانەکانمان بێت و زیاتروزیاتر ئاوێتە بونمان ئاسان کات چ لە ناو پەنابەران وچ لەگەڵ کۆمەڵگای سویدیدا تەئکید و زەرورەتی بۆ ئامادەبوان ڕوونکردەوە.

لەبەشێکی تری قسەکانی هاوڕێ (عومەرئەمین)تەئکیدی زیاتری لەو ڕێگە پڕکارەی کە ساڵانێکی درێژە فیدراسیۆنی پەنابەران ئەنجامی ئەدات لەناو پەنابەران بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی وەستانەوە دژی سیاسەتی دیپۆرت و رەفزکردن و چارەسەرکردنی دەیان و سەدان کێشەی جۆراوجۆر ی پەنابەران کە پێوەی ناڵاندویانە.

پاشان هاوڕێ (بابان عوسمان)نەخشەی کاری ئایندەی یەکەی فیدراسیۆنی لەسوید خوێندەوە و دوای قسەو باسی ورد لەسەر هەریەک لە مەیدانی .ڕاگەیان و ڕادیوی فیدراسیون وگەشەپێدانی باشترو کردنی بە بڵندگۆی داکۆکی کار لە مافی پەنابەران،وهەروەها بڕیاری کردنەوەی ئۆفیسی فیدراسیون لەستۆکهۆڵم دراو لەبەشێکی تری ئەولەویاتەکانی فیدراسیۆن لە سوید،کاری چڕوپڕو بەبەرنامە لەسەر کێشەو موشکیلاتەکانی پەنابەران بە تایبەت داکۆکی کردن لە وەرگرتنی مافی پەنابەری و بەدواداچونی کێشەی ژنان،کە بۆ هەموو ئەمانە بەرنامەی ورد و عملی بۆ دیاری کرا.

لە بەشی کۆتایی کۆبونەوەکەدا (9 )کەس وەک ئەندامانی یەکەی فیدراسیۆن لە سوید دیاریکراو هاوڕێ (بابان عوسمان) وەک لێپرسراوی یەکەی فیدراسیۆن لە سوید دیاریکرا و ئەمەو کۆبونەوەکەش لە شۆڕوشەوقی ئامادەبوان کۆتایی هات.

هەر هەمان ڕۆژ دوابەدوای کۆبونەوەکە لەسەر بانگهێشتی (فیدراسیۆنی پەنابەران و کۆمیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عێراقی )بە ئامادەبوونی دەیان کەس لە پەنابەران ئاهەنگی قەشەنگ کاتژمێر 7 ئێوارە دەستی پێکرد کە تێیدا (بابان عوسمان)وەک لێپرسراوی سویدی فیدراسیۆن و هەڵاڵە ڕافع لێپرسراوی کۆمیتەی دیفاع لە سوید دوای بەخێر هاتنی ئامادەبوان وتەیان پێشکەشکرد و ئاهەنگی خۆشی و شادی کاتژمێر 1 ی شەو سەرکەوتوانە کۆتایی هات.

**بابان عوسمان**
**لێپرسراوی یەکەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە سوید**
2007/11/18
**بۆ پەیوەندی بە بابان عوسمان** 0704532270
badasoz74@hotmail.com